

# سۆفیستەکان
## خاوەنی فەلسەفەیەکی تایبەت نەبوون

والتەر ستەیس

لە عەرەبییەوە: ئەکبەر حەسەن

قۆناغی یەکەمی فەلسەفەی یۆنانی بە ئەنکساگۆراس کۆتایی دێت. مەزهەبەکەی لەمەڕ بوونی عەقڵێک، کە جیهان دەباتە بەڕێوە، بنەمایەکی نوێی هێنایە ناو فەلسەفەوە، ئەویش بنەمای دژبەریی نێوان مادەی جەستەیی و عەقڵی ناجەستەییە. بەم شێوەیەش بنەمایەکی شاراوە دەبینینەوە، کە دژبەریی نێوان روشت و مرۆڤە. ئەگەر کێشەی قۆناغی یەکەمی فەلسەفە ئەسڵی جیهان و تەفسیرکردنی بوون و دەبێت پەیڕەوی سروشت بێت، ئەوا قۆناغی دووەم، بە هاتنی سۆفیستەکان، بە کێشەی پێگەی مرۆڤ لە گەردووندا دەستپێدەکات. بۆچوونی فەیلەسووفانی یەکەم تەنیا بۆچوونێکی گەردوونیانە بوو، بەڵام بۆچوونی سۆفیستەکان بە تەواوەتی مرۆییانەیە. لە کۆتاییەکانی ئەم قۆناغەی دووەمدا، هەردوو هێڵەکە پێکدەگەن و هەر یەکێکیان ئەوی تریان بەرهەمدەهێنێتەوە. کێشەی عەقڵ و کێشەی سروشت دەبن بە دوو فاکتەری سیستەمە گەورە و گشتگیرەکانی (پلاتۆ و ئەرستۆ).

مەحاڵە لە چالاکی و فێرکارییەکانی سۆفیستەکان تێبگەین، ئەگەر زانیاریمان لەسەر هەلومەرجە ئایینی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە نەبێت. پاش ململانێیەکی دوور و درێژ لە نێوان میللەت و خانەدانەکاندا، دواجار دیموکراسی سەرکەوت، بەڵام دیموکراسی لە یۆنان هەمان مانای ئێستای وشەکەی نییە. دیموکراسی واتای دامەزراوە نوێنەرایەتییەکان و حکومەت، کە لە میللەت پێکدێت لە رێگای نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانەوە، نادات بەدەستەوە، یۆنانی کۆن یەک میللەت نەبووە لە سایەی یەک حوکمڕانیدا، بەڵکو هەر شارێک، بگرە هەر گوندێک دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووەوتەنیا یاساکانی خۆی بەڕێوەی بردووە. هەندێک لەم دەوڵەتانە بچووک بوون و ژمارەی هاووڵاتییانی زۆر کەم بوون، دەوڵەتان ئەوەندە بچووک بوون، دەکرا هەموو هاووڵاتییان لە شوێنێکدا یەک ببینن و هەر خۆیان یاساکان و کاروباری گشتی جێبەجێبکەن. نوێنەرایەتی کردن بە هیچ جۆرێک پێویست نەبووە، دواتریش لە یۆناندا هەر هاووڵاتییەک سیاسەتمەدار و یاسادانەر بووە.

لەم هەلومەرجەدا هەستی لایەنگیری زۆر بەرز بووە و خەڵک بەرژەوەندییەکانی حیزبیان خستوەتە سەرووی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتەوە، دەرەنجامی ئەمەش ئەوەیە، کە بەرژەوەندیی حیزب فەرامۆشدەکەن، لەپێناوی بەرژەوەندیی خۆیاندا. چاوچنۆکی، تەماح، زەوتکردن، خۆپەرستیی رەها و چڵێسیی لەڕادەبەدەر، ئاوازی زاڵی ژیانی سیاسیی ئەو سەردەمە بوون.

لەگەڵ سەرهەڵدانی دیموکراسیدا، ئایین داڕووخا، بەشێوازێک تا رادەیەکی زۆر باوەڕهێنان بە خوداوەندەکان بوو بە شوێنی گومان. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەمەش بێبایەخیی ئەخلاقی ئایینی یۆنانی بوو. دەکرا بە هێنانەوەی خوداوەندەکان بە نموونە پاساو بۆ هەر کردەیەک بهێنرایەتەوە، هەرچەند کردەیەکی ناشرین و قێزەونیش بوایە، هەروەک ئەوەی شاعیر و ئەفسانەنووسەکانی یۆنان دەیگێڕنەوە، بەڵام هۆکارە گەورەکەی داڕووخانی ئایین، دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتنی زانست و فەلسەفە، کە لەم لێکچەرانەدا باسیدەکەین. ئاڕاستە گشتییەکەی ئەو فەلسەفەیە دۆزینەوەی ئەو هۆکارە سروشتییانە بوو، کە هەتا ئەو سەردەمە بە کاری هێزە یەزدانییەکان دادەنران. بەم هۆیەشەوە بیروباوەڕی جەماوەری لاواز بوو. سەرجەم فەیلەسووفەکان دژی ئایینی خەڵک بوون، هەندێکیان بە نهێنی و زۆربەش بە ئاشکرا. ئەکسینۆفان دەستی بە هێرشەکە کرد، هێراکلیتوس درێژەی پێدا و دواجار دیموکریتوسی هەوڵیدا باوەڕهێنان بە خوداوەندەکان بەوە تەفسیر بکات، کە دەرەنجامی ترسانە لە دیاردە زەمینی و فەلەکییەکان، چیتر هیچ مرۆڤێکی ژیر باوەڕ بە خواوەندێتی و شتە سەرسوڕهێنەرەکان و پەرجووەکانەکان ناهێنێت. شەپۆلێکی عەقڵانیەت و گومانگەرایی باڵی بەسەر میللەتی یۆنانیدا کیشا. سەردەمەکە بوو بە سەردەمی بیرکردنەوەی نێگەتیڤ و رەخنەیی و رووخێنەر. دیموکراسی دامودەزگا ئەرستۆکراسییە کۆنەکان دەوڵەتی لاواز کرد، زانستیش دۆگمای ئایینی لاواز کرد. بە رووخانی ئەم دوو کۆڵەکەیە هەموو شتێکی تر دەڕووخێت. ئاکار و دابونەریت و دەسەڵاتەکان

رەخنەیان لێگیرا و رەتکرانەوە. ئـەوەی کە پێشینان بەهۆی ترس و تەقواوە رێزیان لێدەگرت، بەلای نەوەی نوێی یۆنانییەوە، بۆ گاڵتە پێکردن و پێکەنین باش بوو. هەموو کۆت و بەندێکی داب و یاسا و ئاکارییەت رکەبەرایەتی کرا، چونکە بە کۆتوبەندێکی نـەخـوازراویـان دادەنا، کە پاڵنەرە سروشتییەکانی مرۆڤی کۆتدەکرد. ئەوەی کەلە پاش وەلاخستنی ئەمانەوە دەمایەوە، شەهوەت و پارەپەرستی و ئیرادەی خودی تاکەکان بوو.

فێرکارییەکانی سۆفیستەکان، تەنیا گواستنەوەیەکی تیۆریی ئاراستە کردەییەکانی ئەو سەردەمە بوو. سۆفیستەکان کوڕی سەردەمی خۆیان و تەفسیرکەری چاخی خۆیان بوون. فێرکارییە فەلسەفییەکانیان بەرجەستەبوونی ئەو پاڵنەرانە بوون، کە ژیانی خەڵکیان بە ئاراستەی بنەما و رێسای ئەبستراکتدا دەبرد.

سۆفیستەکان کـێ بــوون و چـی بــوون؟ بـە پـلـەی یـەکـەم، قوتابخانەیەکی فەیلەسووفەکان نەبوون. ناشێت بەراورد بکرێت بە فیساگۆراسییەکان، یان ئیلیاییەکان. ئـەوان وەک قوتابخانەکانی تــر، مـەزهـەبـێـکـی فەلسەفییان نەبوو، کــە هــەمــوویــان تــیــایــدا هــاوبــەش بن. هیچکام لەوان سیستەمێکی بیری دانـەمـەزرانـدووە. جـــگـــەلـــە ئـاراسـتـەیـەکـی بـیـرکـردنـەوەی پــەرت و بــڵاو، شتێکی ئەوتۆ هــاوبــەش لــە نــێــوانــیــانــدا نییە. پەیوەندییەکی تاکەکەسیی تۆکمە لە نێوانیاندا نەبووە وەک ئەوەی لە نێوان ئەندامانی قوتابخانەیەکدا هەیە. ئەوان گرووپێکی پڕۆفیشناڵ بــوون، نـەک قوتابخانەیەک. بە هەموو یۆناندا دەگەڕان و بژێویی ژیانیان لەسەر پێشبڕکێی پیشەیی بــووە. مامۆستای پڕۆفیشناڵ و پـەروەردەکـار بــوون. دەرکەوتنی سۆفیستەکان دەگـەڕێـنـەوە بۆ زیـادبـوونـی خواستی فێربوونی میللی، کە خواستێکی بنەچەیی بوو بۆ دەرەوشـانـەوە و مەعریفە لــەلایــەکــەوە، بەڵام بە زۆری خواست بوو بۆ فێربوونی مەعریفەی ناڕاست، کە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی دنیایی و بە شێوەیەکی تایبەتیش سەرکەوتنی سیاسی. سەرکەوتنی دیموکراسی بـــووە هــۆی ئـــەوەی خـەڵـک دەرفەتی هەڵسووڕاندنی پۆستە سیاسییەکانیان بۆ بڕەخسێت، کە پێشتر بۆیان نەڕەخسابوو. دەشێت هـەر مرۆڤێک بگاتە بەرزترین پۆستەکانی دەوڵەت، ئەگەر توانای رەوانبێژی و وروژاندنی هەستی جەماوەری هەبێت و بەشی پێویست شارەزایی لە شێوازی پـەروەردەدا هەبێت. ئەم جۆرە پەروەردەیە، کە توانا بە مرۆڤ دەدات پۆستێکی سیاسی هەڵبسووڕێنێت، بوو بە پێویستی. سۆفیستەکان دابینکردنی ئەم پێویستییەیان خستە ئەستۆی خـۆیـان. بە ناوچەکانی یۆناندا دەسووڕانەوە، وانەیان دەوتەوە، قوتابییان لە خۆیان کۆ دەکردەوە و مشتومڕیان دەکرد. لە بەرامبەر ئەم خزمەتانەشدا کرێی زۆریـان وەردەگــرت. ئـەوان یەکەم کەس بوون، کەلە بەرامبەر فێر کردنی حیکمەتدا کرێیان وەردەگــرت. ئــەم کــرێ وەرگــرتــنــە خــۆی لە خۆیدا عەیب نەبوو، بەڵام شتێکی عادەتیش نـەبـوو. هیچ کاتێک حەکیمەکانی یۆنان لە بەرامبەر حیکمەتەکانیاندا کرێیان وەرنـەگـرتـووە. سوکرات کە بە هیچ جۆرێک کرێی وەرنــەگــرتــووە و بگرە حیکمەتەکەی بە بێبەرامبەر فێری هەر کەسێک کردووە، کە ویستوویەتی سوکرات بە شانازییەوە خۆی بە نــەیــاری سۆفیستەکان



سیمۆس

دادەنا.

سۆفیستەکان فەیلەسووف نەبوون بە مانا هونەرییەکەی فەلسەفە، ئەوان پسپۆڕی کێشەکانی فەلسەفە نەبوون. ئاڕاستەی ئەوان بە تەواوەتی ئاڕاستەیەکی پراکتیکی بوو. ئەوان هەر بابەتێکیان فێری خەڵک دەکرد، ئەگەر پێویستییەکی میللی بۆ ئەو بابەتە هەبوایە. بۆ نموونە پرۆتاگۆراس ئەو ئەرکەی خستبووە سەرشانی خۆی، قوتابییەکانی فێر بکات وەک سیاسەتمەدار و هاووڵاتی سەرکەوتن بەدەستبهێنن. گۆرگیاس وانەی ڕەوانبێژی و سیاسەتی دەوتەوە. پرۆدیکوس وانەی ڕێزمان و ئیتیمۆلۆجی دەوتەوە. هیپیاس وانەی مێژوو و ماتماتیک و فیزیای دەوتەوە. لە دەرەنجامی ئەم ئاڕاستە پراکتیکییانەی سۆفیستەکاندا، هیچ هەوڵێک نابینین بۆ چارەسەر کردنی کێشەی بنەچەی سروشت و تایبەتمەندیی ڕەهای حەقیقەت. سۆفیستەکان وەک مامۆستای فەزیلەت وەسفکراون. ئەم وەسفە ڕاستە ئەگەر بە مانا یۆنانییەکە لە فەزیلەت تێبگەین، کە بەتەنیا مانای ئەخلاقیەتی نەدەبەخشی. بەلای یۆنانییەکانەوە فەزیلەت واتە هەر تاکێک بتوانێت سەرکەوتوانە ئەرکەکانی لە دەوڵەتدا ڕاپەڕێنێت. بەم جۆرە فەزیلەتی میکانیکزان ئەوەیە لە سروشتی میکانیک تێبگات، فەزیلەتی پزیشک گرنگی دانە بە نەخۆشەکان، فەزیلەتی مەینەر ئەوەیە، بتوانێت ڕاهێنان بە ئەسپەکان بکات. سۆفیستەکان ئەو ئەرکەیان خستە سەرشانی خۆیان خەڵک لەسەر فەزیلەت بەم مانایە ڕابهێنن، بۆئەوەی ببن بە هاووڵاتیی سەرکەوتوو و ئەندامی سەرکەوتوو لە دەوڵەتدا.

**سۆفیستەکان کوڕی سەردەمی خۆیان و تەفسیرکەری چاخی خۆیان بوون. فێرکارییە فەلسەفەییەکانیان بەرجەستەبوونی ئەو پاڵنەرانە بوون، کە ژیانی خەڵکیان بە ئاڕاستەی بنەما و ڕێسای ئەبستراکتدا دەبرد**

جەماوەرینرین پیشە لە یۆنانی ئەو سەردەمەدا، پیشەی سیاسەت بوو، کە خەڵکی بەرەو پۆستە باڵاکانی دەوڵەت کێشدەکرد. ئەوەی کە لەپێناو ئەم پیشەیەدا لە هەموو شتێکی تر پێویستترە، زمانپاراوییە، خۆ ئەگەر ئەمەش نەکرا، ئەوا وتاری ئامادە کراوە، توانای بەڵگەهێنانەوەیە لە وروژانی هەر پرسێکدا، ئەگەر بە ئیستیدلالی بەهێزیش نەبێت، بە وەڵامدانەی دەستەجێ بێت. لێرەوە سۆفیستەکان هەموو وزەی خۆیان بۆ فێرکردنی ڕەوانبێژی و وتاردان بەکاردەهێنن. ئەمەش خۆی لە خۆیدا باش بوو. ئەوان یەکەم کەس بوون سەرنجیان خستە سەر زانستی ڕەوانبێژی، هەر ئەوانیش بە دامەزرێنەری دادەنرێن، بەڵام ڕەوانبێژییەکەیان لایەنی خراپیشی هەیە، کە هەر زوو بوو بە تاکە لایەن. ئامانجی گەنجە سیاسەتمەدارەکان کە سۆفیستەکان ڕاهێنانیان پێکردبوون، گەڕان نەبوو بە دوای حەقیقەت لەپێناوی حەقیقەت خۆیدا، بەڵکو تەنیا بۆ قایل کردنی زۆرینە بوو بەو شتانەی کە ئەوان حەزیاندەکرد زۆرینە باوەڕی پێبینن. سۆفیستەکان هەروەک پارێزەرەکان، گرنگییان بە حەقیقەتی مەسەلەکە نەدەدا. ئەوان دەیانتوانی ڕستێک ئارگۆمێنت لەسەر هەر بابەتێک بەردەستبخەن، یان بەڵگە لەسەر هەر دۆزێک بهێننەوە. پۆزیان بە توانای خۆیانەوە لێدەدا، کە خراپیان بە باش و ڕەشیان بە سپی پیشاندەدا. هەندێکیان وەک گۆرگیاس، پێداگیرییان لەسەر ئەوە دەکرد، پێویست ناکات مەعریفەت لەبارەی شتێکەوە هەبێت، بۆئەوەی وەڵامێکی قایلکەر لەبارەیەوە بدەینەوە. گۆرگیاس بە لەخۆڕازی بوون و شانازییەوە ئەو ئەرکەی خستە ئەستۆی خۆی وەڵامی هەر پرسیارێک بداتەوە، لەبارەی هەر بابەتێکەوە. بۆ گەیشتن بەم ئامانجانەش وردەکاریی ناپێویستی بەرباس دەخست و یاریی زمانەوانیی دەکرد. وشەی سەفسەتەش (sophistry) لەمەوە هاتووە. سۆفیستەکان بەم شێوەیە هەوڵیاندەدا سەر لە نەیارەکانیان بشوێنن و بیانخەنە داوەوە، خۆ ئەگەر ئەمەشیان پێنەکرایە، هەوڵیاندەدا بە توندوتیژی و دەنگەدەنگ بیانبەزێنن. ئەوان پەنایان دەبردە

بەر شەوارە پێکردن (dazzling) به بەکارهێنانی لێکچواندنی نامۆ و رازاوە، یاریکردن به بونیادە شازەکانی زمان، بەکارهێنانی پەند و پارادۆکسەکان. به شێوەیەکی گشتی، پەنایان دەبردە بەر لێهاتوویی، زیرەکی و راسنگۆییان. کاتێک که مرۆڤ گەنجە، به زۆری سەرسام دەبێت به لێهاتوویی و زیرەکی، به پارادۆکس و پەند (epigram)، بەڵام کاتێک گەورە دەبێت، فێر دەبێت گرنگی بەم مەسەلانە نەدات و له بنەڕەتەوە گرنگی بدات به جەوهەر و حەقیقەتی ئەو قسەیەی دەکرێت. یۆنانییەکان میللەتێکی گەنج بوون، حەزیان له وتەی زیرەکانە بوو. بەهۆی ئەمەوە ئەنانەت لێبوردنیشیان بەرامبەر بەرچاوترین قسە بێماناکانی سۆفیسنەکان نواند. زۆر له ئامۆژگارییە رەوانبێژییەکانی سۆفیسنەکان، که لەڕاستیدا تایبەتمەندیی مینۆدی دیارترینی کەسی ناو سۆفیسنەکانە، ئەوەندەی ئەو پرسیارەی که دەکرێت (ئایا چینر پیاو له ژنەکەی دەدات)، منداڵانەیە.

پرۆتاگۆراس کۆنترین سۆفیستی ناسراوە. دەوربەری ساڵی (480)ی پ.ز له ئەبدێرا لەدایک بووە. به یۆناندا گەڕاوە و ماوەیەک له ئەسینا سەقامگیر بووە. له ئەسینا تۆمەتی بێباوەڕی و گومڕایی درایە پاڵی. بنەمای تۆمەتەکەش کتێبێک بوو، که لەبارەی خوداوە نووسیبووی و بەم وشانە دەست پێدەکات: «سەبارەت به خودا، ناتوانم بڵێم هەیە یان نییە». کتێبەکە به ئاشکرا سوتێنرا. دەبوو پرۆتاگۆراس له

**ناشێت بەراورد بکرێت به فیساگۆراسییەکان، یان ئیلیاییەکان. ئەوان وەک قوتابخانەکانی تر، مەزهەبێکی فەلسەفییان نەبووە، که هەموویان تیایدا هاوبەش بن**

ئەسینا رابکات. ئەوە بوو هەڵهات بۆ سەقەلییە، بەڵام له رێگەدا لەناو ئاودا خنکا، ئەم رووداوە دەوربەری ساڵی (410 )ی پ.ز روویدا.

پرۆتاگۆراس خاوەنی وتە بەناوبانگەکەیە: «مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە، پێوەری ئەوەی هەیە، هەیە و ئەوەی نییە، نییە». ئەم وتەیە سەرجەم فێرکارییەکانی پرۆتاگۆراس له یەک دەستەواژەدا کورتدەکاتەوە. لەڕاستیدا ئەم وتەیە سەرجەم بیری سۆفیسنەکان لەخۆی دەگرێت، لەبەر ئەوە وا باشترە له مانای ئەم وتەیە تێبگەین. فەیلەسووفانی سەرەتایی یۆنان جیاکارییەکی روونیان له نێوان هەست و بیر، ئیدراکی هەستەکی و عەقڵدا کرد و باوەڕیان هێنا بەوەی عەقڵ، نەک هەستەکان، حەقیقەت کەشفدەکات. ئیلیاییەکان یەکەم دەستە بوون پێداگیرییان لەسەر ئەم جیاکارییە کرد. ئەوان پێیانوایە بوونی پەتی حەقیقەتی رەهایە و ئەم بوونەش تەنیا بەهۆی عەقڵەوە دەناسرێت. هەستەکان به رواڵەتی دەبێت، چەواشەمان دەکەن. به هەمان شێوە هێراکلیتوس پێداگیری لەسەر ئەوە کرد، حەقیقەت که بەلای ئەوەوە یاسای صەیرورەیە، به بیر دەناسرێت و هەستەکان به رواڵەتی بەردەوامی (جێگیری) چەواشەمان دەکەن. تەنانەت دیموکریتوس باوەڕی وابوو بوونی راستەقینە، واتە ئەتۆمە مادییەکان، ئەوەندە بچوکن، که هەستەکان دەرکیان پێناکەن، بەڵکو تەنیا عەقڵ هۆشیاریی به بوونیان هەیە. فێرکارییەکانی پرۆتاگۆراس هەر له بنەڕەتەوە لەسەر بنچینەی نکوڵیکردن و شێواندنی ئەم جیاکارییە دامەزراوە. ئەگەر بمانەوێت لەمە تێبگەین، سەرەتا دەبێت تێبگەین عەقڵ گەردوونیە (گشتییە) و هەست پاژەکییە له مرۆڤدا. یەکەم: عەقڵ توانای گەیاندنی هەیە، بەڵام هەست ئەم توانایەی نییە. هەست و شعووری من شەخسین بۆ من و ناتوانم بیانگوێزمەوە بۆ کەسانی تر. بۆ نموونە، هیچ کەسێک ناتوانێت هەستی سووری بگوێزێتەوە بۆ کەسێک، که رەنگ کوێرە و پێشتر هەستی رەنگی سووری ئەزموون نەکردووە، بەڵام دەشێت ئایدیای عەقڵی بگوێزرێتەوە بۆ هەر بوونەوەرێکی عاقڵ. بۆ نموونە، با بپرسین ئایا دوو گۆشەی بنکەی سێگۆشەیەکی دوولا یەکسان یەکسانن؟ ئەگەر پەنا ببەینە بەر هەست، ئەوا دەشێت کەسێک

بڵێت بەلای ئەوەوە دوو گۆشەکە یەکسانن، دەشێت کەسێکی تریش بڵێت وا دەردەکەوێت گۆشەی لایەکیان زیاتر بێت لەویتریان، بەڵام ئەگەر وەک ئەقلیدس پەنا ببینە بەر عەقڵ، دەشێت بەڵگە بهێنینەوە لەسەر ئەوەی، هەردوو گۆشەکە یەکسانن و سەرنجە شەخسییەکان جێگایان نابێتەوە، چونکە عەقڵ یاسایەکی تەواو راستەقینەیە و بەسەر هەمواندا سەپێنراوە. هەستەکانم تایبەتن بە من، هیچ کەس کۆت ناکەن، تەنیا خۆم نەبێت. سەرنجەکانم لەسەر سێگۆشە یاسایەک نییە بەسەر هەمواندا سەپێنرابێت، بەڵکوو تەنیا بەسەر مندا سەپێنراوە، بەڵام دەتوانم عەقڵم هاوبەشی پێبکەم لەگەڵ سەرجەم بوونەوەرە عەقڵانییەکانی تردا. عەقڵ یاسایەک نییە تەنیا تایبەت بێت بە من، بەڵکو بۆ هەموانە. عەقڵ هەمان عەقڵە لەناو من و ئەوانی تریشدا. لەبەر ئەوەش، عەقڵ رەگەزێکی گشتییەو هەست رەگەزێکی پاژەکییە لە مرۆڤدا. ئەم جیاکارییە هەمان ئەو جیاکارییە، کە پرۆتاگۆراس لەڕووی پراکتیکییەوە رەتی دەکاتەوە. کاتێک دەڵێت مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە، هەرگیز مەبەستی لە مرۆڤ سەرجەم مرۆڤایەتی نییە، بەڵکو مەبەستی لە مرۆڤی تاکە. مەبەستی لە پێوەری سەرجەم شتەکان، پێوەری حەقیقەتی هەموو شتەکانە. هەموو تاکەکەسێک پێوەری ئەو شتەیە، کە بەلایەوە راستەقینەیە. حەقیقەتێک لەئارادا نییە، تەنیا هەست و سەرنجەکانی مرۆڤ هەن. ئەوەی کە بەلای


هیرودیس

منەوە راستە، راستە بۆ من و ئەوەش کە بەلای تۆوە راستە، راستە بۆ تۆ.

بەگشتی ئێمە جیاوازی لە نێوان سەرنجە خودییەکان و حەقیقەتە بابەتییەکاندا دەکەین. هەردوو وشەی خودی و بابەتی لە مێژووی فەلسەفەدا، بەردەوام دووبارە دەبنەوە، لەبەرئەوەی ئەمە یەکەم جارە ئەم دوو وشەیە بەکار دەهێنم، لێرەدا هەردوو وشەکە شیدەکەمەوە. لە هەر کردەیەکی بیرکردنەوەدا بە پێویست دەبێت دوو زاراوە هەبن. ئێستا من سەیری ئەم مێزە دەکەم و بیری لێدەکەمەوە. لێرەدا (من)ێک هەیە بیردەکاتەوە و (مێز)ێک هەیە بیری لێدەکرێتەوە. من بکەری بیرکردنەوەکەیە، مێزەکەش بابەتی بیرکردنەوەکەیە. بە شێوەیەکی گشتی بکەر بیردەکاتەوە و بابەت بیری لێدەکرێتەوە. خودیی (Subjective) ئەوەیە کە پەیوەندیی بە بکەرەوە (subject) هەیە و بابەتییش (objective) ئەوەیە، کە پەیوەندیی بە بابەتەوە (object) هەیە. بەم شێوەیە، مانای جیاکاری کردن لە نێوان سەرنجە خودییەکان

و حەقیقەتە بابەتییەکاندا روونە. سەرنجی خودیی من لەسەر زەوی ئەوەیە، کە لەوانەیە زەوی رووتەخت بێت، بەڵام لەڕاستیدا زەوی گۆییە. کاتێک بە بیاباندا دەڕۆم، تراویلکە (سەراب) دەبینم و وا دەزانم ئاوە، ئەمە سەرنجیی خودیی منە. حەقیقەتە بابەتییەکە ئەوەیە، کە تەنیا خۆڵ هەیە. حەقیقەتی بابەتی شتێکە، کە بوونێکی تایبەت بە خۆی هەیە. سەربەخۆیە لە من، گرنگ نییە من بیر لە چی دەکەمەوە، تۆ بیر لە چی دەکەیتەوە، من چیم دەوێت و تۆ چیت دەوێت. حەقیقەت بەو شێوەیە هەیە، کە هەیە. دەبێت ئێمە خۆمان لەگەڵ حەقیقەتدا سازبکەین، حەقیقەت خۆی لەگەڵ مەیل و ویست و سەرنجەکانی ئێمەدا ساز ناکات. فێرکارییەکانی پرۆتاگۆراس لەڕووی پراکتیکییەوە نکۆڵی لەمە دەکات. مەبەستی فێرکارییەکانی پرۆتاگۆراس ئەوەیە، کە حەقیقەتی بابەتی بوونی نییە، حەقیقەتێک نییە سەربەخۆ بێت لە خودی تاکەکەس. ئەوەی تاکەکەس وەک راست دەیبینێت، بۆ ئەو تاکەکەسە راستە. بەم جۆرە، حەقیقەت لەگەڵ هەست و سەرنجە خودییەکاندا سازە.

نکۆڵیکردن لە جیاکاریی نێوان حەقیقەتی بابەتی و سەرنجی خودی هەمان نکۆڵی کردنە لە جیاکاریی نێوان عەقڵ و هەست. بەپێی هەستەکانم زەوی رووتەختە، بەپێی چاوم دیسان هەر رووتەختە. لە رێگای عەقڵەوە نەبێت، حەقیقەتە بابەتییەکەی گۆییبوونی جیهان نازانم، لەبەرئەوە عەقڵ تەنیا ستانداردی شیاوی حەقیقەتی بابەتییە. ئەگەر نکۆڵی لە لایەنە راستەکەی رەگەزی عەقڵانی بکەیت، ئەنجامەکەی ئەوە دەبێت، کە قوربانییەکی دەسنەوەستان دەبیت، بە دەست سەرنجە شەخسییە جیاوازەکانەوە. ئەو سەرنجانەی کەلە هەستەکانەوە سەرچاوەدەگرن، بەپێی جیاوازیی کەسەکان جیاوازن. کەسێک شتێک بە شێوەیەک دەبینێت و کەسێکی تر بە شێوەیەکی تر دەیبینێت، لەبەر ئەوە ئەگەر بەلای منەوە شتێک وەک راستەقینە دەرکەوت، ئەو شتە راستەقینەیە و ئەوەش کە بەلای تۆوە وەک راستەقینە دەردەکەوێت، راستەقینەیە. ئەگەر سەرنجەکانیشمان جیاواز بن، ئەنجامەکە ئەوەیە دەبێت هەردوو پرسە پارادۆکسەکە راست بن. پرۆتاگۆراس بە روونی لەمە تێگەیشتبوو و خۆشی لە ئەنجامەکە لانەدا. هەموانی وا فێر کرد، کە هەموو بۆچوونەکان راستن و هەڵە کردن مەحاڵە. پرسەکە هەرچییەک بێت، هەمیشە دەشێت پرسێکی پارادۆکسی رووبەڕوو بکەینەوە بە ئارگۆمێنتی راست و دروست و حەقیقەتی راست و دروست. ئەنجامی ئەم رێوشوێنەش ئەوەیە، جیاکاریکردن لە نێوان حەقیقەت و هەڵە لە هەموو مانایەک بەتاڵ دەکرێتەوە. هیچ جیاوازییەک نییە چ بڵێین هەموو بۆچوونەکان راستن، چ بڵێین هەموویان هەڵەن. وشەی راست و هەڵە، لەم چوارچێوەیەدا، هیچ مانایەکیان نییە، ئەگەر بڵێم ئەوەی کە من هەستی پێدەکەم، راستە، هیچ مانایەکی نییە، جگەلە ئەوەی بڵێم ئەوەی هەستی پێدەکەم، ئەوەیە کە هەستی پێدەکەم. زیادکردنی (بۆ من راستە) هیچ شتێک ناخاتە سەر ماناکە.

وا دەردەکەوێت گەیشتنی پرۆتاگۆراس بەم باوەڕانە، لە رێگای تێبینیکردنی سەرنجە جیاوازەکانەوە بێت لەسەر شتێک، کە ئەندامەکانی هەسنکردنی کەسانی جیاواز بەرهەمی دەهێنن، بگرە تەنانەت ئەندامەکانی هەست کردنی یەک کەس لە چەند کاتێکی جیاوازدا. ئەگەر زانین پشت ببەستێت بەم سەرنجانە، ئەوا ناتوانین لە حەقیقەتی شتێک دڵنیا بین. پرۆتاگۆراس لەژێر کاریگەریی فێرکارییەکانی هێراکلیتوسدا بووە. هێراکلیتوس پێی وابوو جێگیری وەهمە، هەموو شتێک لە دەبێتێکی بەردەوام دایە. هەموو شتەکان سەرچاوە دەگرن و هەڵدەقوڵێن. ئەوەی کە لەم ساتەدا هەیە، لە ساتی دواتردا نییە. هێراکلیتوس باوەڕیوایە تەنانەت لە یەک ساتدا شت هەیە و نیشە. ئەگەر راست بێت بڵێین هەیە، ئەوا راستیشە بڵێین نییە. لەڕاستیدا ئەمە فێرکارییەکانی پرۆتاگۆراسە.

بەم جۆرە فەلسەفەی پرۆتاگۆراسی دەگاتە ئەو رادەیەی، رای بگەیەنێت هەموو زانینێک مەحاڵە. ئەگەر هیچ حەقیقەتێکی بابەتی بوونی نەبێت، ئەوا ناشێت هیچ زانینێک لەبارەی ئەو حەقیقەتەوە هەبێت. بە هەمان شێوە، گۆرگیاسیش پێیوایە زانین مەحاڵە. ناونیشانی کتێبەکەی گۆرگیاس ئاماژەیە بۆ حەزی

سۆفیستانە لە پارادۆکس. کتێبەکەی گۆرگیاس ناوی (دەربارەی سروشت، یان نەبوون). گۆرگیاس لەم کتێبەدا هەوڵیداوە سێ پرس بسەلمێنێت: یەکەم، هیچ شتێک نییە، دووەم: ئەگەر شتێکیش هەبێت، ناتوانرێت بزانرێت، سێیەم: ئەگەر ئەو شتە بزانرێت، لە توانایدا نییە زانینەکە بۆ کەسانی تر بگوێزرێتەوە.

گۆرگیاس بۆ ئەوەی بەڵگە لەسەر پرسی یەکەم (هیچ شتێک نییە) بهێنێتەوە، خۆی پەیوەستکرد بە قوتابخانەی ئیلیاییەکانەوە، بەتایبەتی زینۆ. زینۆ ئەوەی فێرکرد لە هەموو زۆری و جووڵەیەکدا، واتە لە هەموو بوونێکدا پارادۆکسی لە گونجان بەدەر هەیە. زینۆ هەرگیز گومانگەر نەبووە. ئەو بە دوای پارادۆکس لە شتەکاندا نەگەڕاوە، لەپێناو خودی پارادۆکسدا، بەڵکوو گەڕانەکەی بۆئەوە بووە پشتگیری تێزە پۆزەتیڤەکەی پارمەندیس بکات، کە دەڵێت تەنیا بوون هەیە و صەیرورە بە هیچ جۆرێک نییە، لەبەرئەوەش دەبێت زینۆ بە بیرمەندێکی بونیادنەر دابنرێت، نەک بیرمەندێکی رووخێنەر، بەڵام ئاشکرایە بە پێداگری کردن تەنیا لەسەر رەگەزە نێگەتیڤەکەی فەلسەفەکەی، دەکرێت پارادۆکسەکەی وەک چەکێکی لە پرسی گومانگەری و نیهیلیزمدا بەهێزدا بەکار بهێنرێت. گۆرگیاس بەم شێوەیە دیالێکتیکەکەی زینۆ بەکاردەهێنێت، لەبەرئەوەی بوون پارادۆکسە، ئەوا ئەنجامەکە ئەوەیە، کە هیچ شتێک بوونی نییە. گۆرگیاس بە هەمان شێوە ئارگۆمێنتە بەناوبانگەکەی

**لەگەڵ سەرهەڵدانی دیموکراسیدا، ئایین داڕووخا، بەشێوازێک تا رادەیەکی زۆر باوەڕهێنان بە خوداوەندەکان بوو بە شوێنی گومان**

پارمەندیس سەبارەت بە ئەسڵی بوون بەکاردەهێنێت. گۆرگیاس دەڵێت ئەگەر شتێک هەبێت، ئەوا دەبێت سەرەتای هەبێت. ئەگەر ئەم شتە لە بوونەوە سەرچاوە بگرێت، ئەوا سەرەتای نییە. خۆ ئەگەر لە نەبوونەوە سەرچاوە بگرێت، ئەوا مەحاڵە، چونکە هیچ شتێک لە عەدەمەوە سەرچاوە ناگرێت، لەبەرئەوە هیچ شتێک بوونی نییە.

پرسی دووەم لای گۆرگیاس بەم جۆرەیە: ئەگەر شتێک هەبێت، ناتوانرێت ئەو شتە بزانرێت. ئەم پرسە بەشێکە لە ئاڕاستەی بیرکردنەوەی سۆفیستەکان و زانین و دەرکی هەستەکی یەک دەخات و رەگەزی عەقڵی وەلا دەنێت. لەبەرئەوەی سەرنجە هەستەکییەکان لای کەسە جیاوازەکان جیاوازە، بەڵکوو تەنانەت سەرنجە هەستەکییەکانی کەسێک جیاوازن، ئەوا شت لە خۆیدا نازانرێت. پرسی سێیەم لە هەمان یەکخستنی زانین و هەستەوە سەرهەڵدەدات، هەستیش ئەو شتەیە، کە ناتوانرێت بگەیەنرێت بە کەسانی تر.

سۆفیستەکانی دواتر لە پرۆتاگۆراس و گۆرگیاس زیاتر دەڕۆن. ئەرکی ئەوان پراکتیزە کردنی فێرکارییەکانی پرۆتاگۆراس و گۆرگیاس بوو بەسەر هەردوو بواری سیاسەت و ئەخلاقدا. ئەگەر هیچ حەقیقەتێکی بابەتی نەبێت، ئەگەر شتێک بۆ کەسێک راست دەربکەوێت، ئەو شتە بۆ ئەو کەسە راست بێت...هتد، ئەوکاتە یاسایەکی ئەخلاقیی بابەتی بوونی نییە، ئەوەشی کە بۆ کەسێک وەک راست دەردەکەوێت، بۆ ئەو کەسە راستە. خۆ ئەگەر شتێک هەبێت شایەنی ئەوە بێت ناوی ئەخلاقیەتی لێبنێین، ئاشکرایە دەبێت ئەو شتە یاسایەک بێت بۆ هەموان، نەک بۆ هەندێک کەس، هەروەها دەبێت ئەو شتە بۆ هەموان راست بێت و بەسەر هەمواندا بسەپێت، پاشان دەبێت ئەو یاسایە لەسەر شتێک دامەزرابێت، کە گشتی بێت لە مرۆڤدا، واتە لەسەر عەقڵ دامەزرابێت. دامەزرانی ئەو یاسایە لەسەر سەرنجە هەستەکییەکان ، واتە دامەزرانی لەسەر قوڕ و لیتە. هەستەکانم تەنیا بەسەر مندا دەسەپێن، نەک کەسانی تر. بەم جۆرە، نابێت یاسا راستە گشتییەکە لەسەر سەرنجە هەستەکییەکان دابمەزرێت. لەگەڵ ئەوەشدا سۆفیستەکان ئەخلاقیەتیان لەگەڵ

هەست و شعووری ئاکەکاندا یەکخست. ئەوەی کە من پێموایە راستە، بۆ من راستە، ئەوەی کە تۆ پێتوایە راستە، بۆ تۆ راستە. ئەوەی کە هەر مرۆڤێک بە ئیرادە ناعەقڵانییەکەی دەیەوێت و ئەوە هەڵدەبژێرێت کە بیکات، ئەو شتە بۆ ئەو کەسە رەوایە و مافی ئەوەی هەیە بیکات. پۆلوس و تراسیماخوس و کرێنیاس بەم ئەنجامە گەیشتن.

ئێستا ئەگەر شتێک نەبێت بابەتییانە راست بێت، دەرەنجامەکە ئەوە دەبێت یاساکانی دەوڵەت تەنیا لەسەر هێز و عادەت و رێککەوتن (convention) دادەمەزرێن. ئێمە زۆر جار باسی یاسا دادپەروەر و باشەکان دەکەین، بەڵام قسە کردن بەم جۆرە مانای ئەوەیە ستانداردێکی بابەتی بۆ دادپەروەری و چاکە بوونی هەیە، کە دەتوانین بە هۆیەوە یاساکە هەڵبسەنگێنین و بزانین لەگەڵ ستانداردەکەدا دەگونجێت یان نا. بەلای سۆفیستەکانەوە، کە نکۆڵی لە ستانداردێکی لەم جۆرە دەکەن، بێمانایە قسە لەسەر یاسا دادپەروەر و چاکەکان بکەین. هیچ یاسایەکی دادپەروەر یان چاک لە خۆیدا بوونی نییە، چونکە شتێک نییە ناوی دادپەروەری، یان چاکە بێت. خۆ ئەگەر وشەیەکی وەک دادپەروەری بەکاربهێنن، بە جۆرێک پێناسەی دەکەن، کە مانای مافی بەهێز یان مافی زۆرینە بدات. پۆلوس و تراسیماخوس ئەنجامگیریی ئەوەیان کرد، یاساکانی دەوڵەت لاوازەکان دایانهێناوە، کە بە رادەی پێویست فێڵبازن و بەهۆی ئەم فێڵەوە بەهێزەکان کۆنترۆڵدەکەن و

**عەقڵ دەشێت بەڵگە بهێنینەوە لەسەر ئەوەی، هەردوو گۆشەکە یەکسانن و سەرنجە شەخسییەکان جێگایان نابێتەوە، چونکە عەقڵ یاسایەکی تەواو راستەقینەیە و بەسەر هەمواندا سەپێنراوە**

بەرهەمە سروشتییەکانی هێزەکەیان زەوتدەکەن. یاسای هێز تەنیا یاسایە، کە سروشت دانی پێدا دەنێت. ئەگەر مرۆڤ ئەوەندە بەهێز بێت، کە بتوانێت بە تەحەدای یاسا بکات و لە سزاش دەرباز بێت، ئەوا مافی تەحەدایەی هەیە. بەم شێوەیە، سۆفیستەکان یەکەمین کەس بوون پەرەیاندا بە دۆکترینی (هێز لەسەر حەقە) دا، بەڵام دواهەمین نەبوون. بەم شێوەیە کرێنیاس باوەڕی جەماوەرییانە بە خوداوەندەکان تەفسیر دەکات و دەڵێت ئەم باوەڕە داهێنانی سیاسەتمەداری فێڵبازە، بۆئەوەی لە رێگای ترسەوە مێگەل کۆنترۆڵبکات.

ئێستا ئاشکرایە ئاراستەی فێرکاریی سۆفیستەکان ئاراستەیەکی رووخێنەر و دژە کۆمەڵگەیە (anti–social). وێرانکەری ئایین و ئەخلاقیات و بنەماکانی دەوڵەت و سەرجەم دەزگا دامەزراوەکانە. ئێستا دەتوانین ببینین بۆچوونی سۆفیستەکان لەڕاستیدا بەرجەستە بوونی بیری ئەبستراکتی ئاراستە پراکتیکییەکانی ئەو سەردەمە بووە. خەڵک لە پراکتیس و سۆفیستەکان لە تیۆردا کۆت و بەندەکانی یاسا و دەسەڵات و عادەتیان خستە ژێر پێیان و رەتیانکردنەوە، ئاکەکەسیان بە ئیرادە خام و خۆپەرستەکەیەوە کرد بە خوداوەند. لەڕاستیدا ئەو سەردەمە سەردەمی رۆشنگەری بووە. وا دیارە ئەم سەردەمی رۆشنگەرییەش ماوە و لە مێژووی بیر و شارستانییەتدا دەرکەوێت. ئەم سەردەمەش یەکەمین سەردەمی رۆشنگەری بووە، کە مێژووی فەلسەفە مامەڵەی لەگەڵ کردووە، بەڵام دوایین سەردەم نییە. سەردەمی رۆشنگەریی یۆنانی بووە. ئەم جۆرە سەردەمانە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە: بەگشتی لە دوای ماوەیەک لە بیری بونیادنەرەوە دێن. نموونەکەی ئێستامان کە رۆشنگەریی یۆنانییە، بە دوای پەرەسەندنە مەزنەکەی زانست و فەلسەفە لە تالیسەوە بۆ ئەنکساگۆراس هات. لەم ماوە بونیادنەرەدا بیرمەندە مەزنەکان بنەمای نوێیان پێیە و بە تێپەڕینی کات بەناو خەڵکدا بڵاودەبێتەوە و دەبێتە کولتووری بەربڵاو و زانستی جەماوەری، ئەمە ئەگەر نەبێت بە زانستی بێبایەخ. پەروەردەی جەماوەری دەبێت بە تایبەتمەندیی سەردەمەکە. ئایدیا نوێیەکان کە لەناو خەڵکدا بڵاودەبنەوە، بەڵگەنەویستە کۆنەکان و بیرە جێگرتووەکان لەناو دەبەن. بەم

شێوەیە ئەو بیرەی لە سەرەتادا بوونیادنەر بوو، لەناو جەماوەردا دەبێت بە بیرێکی رووخێنەر، پاشان لە سەردەمی رۆشنگەریدا، بیری جەماوەری دەبێت بەهۆی رەت کردنەوە و گومانکردنو بێباوەڕی (disbelief) . ئەم بیرە چ لە چالاکی و چ لە ئەنجامەکانیدا بیرێکی نێگەتیڤە. دەسەڵات و دابونەرینەکان تێکدەشکێن، ئینر بەتەواوەتی بێت یان نیوە ناتەواو، لەبەرئەوەی دەسەڵات و دابونەرینەکان کۆڵەکەی بونیادی کۆمەڵایەتین، بونیادەکە هەڵدەوەشێنەوە بۆ یەکە پێکهێنەرەکانی و پێداگیریی تەواوی لەسەر تاکەکان دەکرێت. بیرکردنەوە دەبێت بە بیرکردنەوەیەکی خودسەنتەری (egocentric). تاکگەرایی تۆنی زاڵە، خودگەرایی پەڕگیر (Extreme subjectivity) بنەمای سەردەمەکەیە. هەموو ئەم تایبەتمەندییانە لە سەردەمی رۆشنگەریی یۆنانیدا دەردەکەون. دۆکترینی سۆفیستانە کە دەڵێت حەقیقەت ئەوەیە کە من بیری لێدەکەمەوە، چاکە ئەوەیە کە من دەیکەم، پراکتیزە کردنێکی رەهای بنەما خودگەرایی و خودسەنتەرییەکانە.

سەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەم لە ئینگلتەرا و فەرەنسا هاوشێوەی سەردەمێکی رۆشنگەری بوو، ئەو ماوەیەش کە لەوانەیە ئێمە سەرمان لێ هێنابێتە دەر، زۆرێک لە تایبەتمەندییەکانی سەردەمی رۆشنگەریی هەیە. سەردەمێکی پڕ لە گومان و رووخاندنە. سەرجەم دامەزراوەکان، هاوسەرگیری، خێزان، دەوڵەت و یاساکان رووبەڕووی رەخنە بوونەوە. ئەم سەردەمە دوابەدوای ماوەیەکی مەزنی بیرکردنەوەی بوونیادنەر و پەرەسەندنی زانستی لە سەدەی حەڤدەیەمدا هات. دواجار سەردەمەکە فەلسەفە پرۆتاگۆراسییەکەی خۆی دۆزییەوە، کە پێیدەوترێت پراگماتیزم. پراگماتیزم، ئەگەر خودسەنتەری نەبێت، لانیکەم مرۆڤسەنتەرییە (anthropocentric) . چینر حەقیقەتێکی بابەتی نییە، کە دەبێت مرۆڤ لەگەڵیدا ساز بێت، بەڵکو دەبێت حەقیقەت لەگەڵ مرۆڤدا خۆی ساز بکات. حەقیقەت ئەوەیە، کە بەپێی بیرکردنەوەی ئەو سوودی هەیەو لەڕووی پراکتیییەوە بەرهەمی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی (بە بەرهەم) لە سەردەم و وڵاتێکدا (بێبەرهەم)ە لە سەردەم و وڵاتێکی تردا و لەبەرئەوەی ئەو پێیوایە ئەمڕۆ سوودبەخشە، سبەی بێ سوودە، ئەوا ئەنجامەکە نەبوونی حەقیقەتێکی بابەتیی سەربەخۆیە لە مرۆڤ. ئێستا حەقیقەت بەو جۆرە پێناسە ناکرێت، کە پشت بە سەرنجەکانی مرۆڤ دەبەستێ وەک ئەوەی پرۆتاگۆراس پێیوابوو،


پولیمۆ


گۆڤارێکی فکری، فەلسەفییە، دوو مانگ جارێک دەردەچێت .... سالی نۆیەم .... ژمارە (٤٢) کانونی دووەمی ٢٠١٤

بەڵكوو بەو جۆرە پێناسە دەكرێت، كە پشتی بە ئیرادەی مرۆڤ بەستووە. لە هەردوو حاڵەتەكەدا رەگەز گشتییە لە مرۆڤدا، واتە عەقڵ، بنچینەی حەقیقەت و ئەخلاقیات نییە، بەڵكو رەگەزە پاژەكییە تاكەكەسییەكە بنچینەی حەقیقەت و ئەخلاقە.

نابێت شایستەیی زۆری سۆفیستەكانمان لەبیر بچێت. ئەوان وەک تاكەكەس جێگەی رێز بوون، هیچ شتێک دژ بە كەسێتیی پرۆتاگۆراس لە ئارادا نییە، پرۆدیكوس حەكیمی و راستی و دروستیی بنەماكانی پرۆتاگۆراسی وەک پەند دەهێنایەوە. زیاد لەوەش، سۆفیستەكان بەشدارییەكی زۆریان كردووە لە پێشكەوتنی زانیندا. ئەوان یەكەم كەس بوون سەرنجیان خستە سەر لێكۆڵینەوەی وشەكان، رستەكان، شێواز، پەخشانی هونەری و رینم. ئەوان دامەزرێنەری هونەری زانستی رەوانبێژی بوون، پەروەردە و كولتووریان لە هەموو یۆناندا بڵاوكردەوە، پاڵنەرێكی بەهێزیان هەبوو بۆ لێكۆڵینەوەی ئایدیا ئەخلاقییەكان، كە ئەمەش هۆكارێک بوو بۆئەوەی سەرهەڵدانی فێركارییەكانی سوكرات شیاو بێت. ژمارەیەكی زۆر ئایدیایان ورووژاند، كە بەبێ ئەو ئایدیایەنە مەحاڵ بوو سەردەمی پلەینۆ و ئەرسنۆتل رووناكی ببینێت، بەڵام لە روانگە فە لسە فییە و ە كە و ە شا یسنە یی ئەوان لەوە دایە، بۆ یەكەم جار دان بە مافی بكەردا دەنێن. سەرەڕای هەموو شتێک، هێرشی سۆفیستەكان بۆ سەر دەسەڵات، شتە دامەزراوەكان، دابونەریت و باوەڕەكان پاساوی خۆی هەیە. مرۆڤ كە بوونەوەرێكی عاقڵە، نابێت دەسەڵات و دۆگما و نەریت ستەمی لێبكەن. ناشێت هێزە دەرەكییەكان لە رێگەی توندوتیژییەوە مرۆڤ ملكەچی باوەڕەكان بكەن. هیچ كەسێک مافی ئەوەی نییە بڵێت: «تۆ باوەڕ بەمە دەهێنیت»، «تۆ باوەڕ بەوە دەهێنیت». من وەک بوونەوەرێكی عاقڵ مافی ئەوەم هەیە عەقڵی خۆم بەكاربهێنم و خۆم بڕیار بدەم. ئەگەر كەسێک ویستی قایلم بكات، نابێت پەنا بباتە بەر هێز، بەڵكو پێویستە پەنا بباتە بەر عەقڵ. ئەگەر عەقڵی بەكار هێنا، ئەو كاتە شێوازی قایل كردنەكە شێوەیەكی دەرەكییانە نییە، بەڵكوو لە سەرچاوە ناوەكییەكانی بیركردنەوەمەوە بۆچوونەكانی خۆی بڵاودەكاتەوە.

**«مرۆڤ پێوەری هەموو شتێكە، پێوەری ئەوەی هەیە، هەیە و ئەوەی نییە، نییە»**

پیشانمەدەدات كە لەڕاستیدا بۆچوونەكانی ئەو بۆچوونی منن، ئەگەر هات و ئەمە بزانم، بەڵام هەڵەی سۆفیستەكان ئەوە بوو، ئەوان كە دانیان بە مافی خود یان بكەردا دەنا، بەڵام بەتەواوەتی مافی بابەتیان فەرامۆشدەكرد و لەبیریان دەكرد. حەقیقەت، بڕوای پێ بینم یان نا، بوونێكی بابەتییانەی هەیە و بەو شێوەیە هەیە كە هەیە. هەڵەی ئەوان ئەمە بوو: سەرەڕای ئەوەی دەیانزانی ئەو حەقیقەت و ئەخلاقیانەی كە بۆ من راستە، دەبێت سەرچاوەی پەرەسەندنەكەی لەناو خۆمدا بێت، نەک ئەوەی لە دەرەوە بەسەرمدا بسەپێنرێت، كەچی پێداگیرییان لەسەر تایبەتمەندی و پاڵنەر و شعور و هەستە بە رێكەوت و پاژەكییەكانی مرۆڤ كرد و كردنیان بە سەرچاوەی حەقیقەت و ئەخلاقیات، لەبری ئەوەی كە پێداگیری لەسەر لایەنە گشتییەكە، واتە عەقڵ، بكەن وەک سەرچاوەی حەقیقەت. «مرۆڤ پێوەری هەموو شتەكانە»، بەدڵنیاییەوە، بەڵام مرۆڤ وەک بوونەوەرێكی عاقڵ، نەک وەک كۆمەڵێک هەستی پاژەكی، سەرنجی خودی، پاڵنەر، لایەنگیریی ناعەقڵانی، خودسەنتەریی ئیرادی، خەیاڵی و...هتد.

لە پرۆتسنانتیزمی مۆدێرن و دیموكراسیی مۆدێرندا نموونەی باش دەبینین لەسەر بنەما راست و هەڵەكانی سۆفیستەكان. پرۆتسنانتیزم، وەک ئەوەی زۆر جار دەوترێت، لەسەر بنەمای مافی بڕیار دانی تایبەت دامەزراوە، ئەمەش بە سادەیی مافی بكەرە،

مافی ئاکە لە بەکار هێنانی عەقلیدا، بەڵام ئەگەر ئەمە وا تەفسیر بکرێت، کە هەر تاکێک مافی ئەوەی هەیە حەز و خەیاڵەکانی وەک یاسای مەسەلە ئایینییەکان رێک بخات، ئەوکاتە جۆرێکی خراپی پرۆتستانتیزممان دەبێت. دیموکراسی تەنیا پرۆتستانتیزمێکی سیاسییە، ئایدیا دیموکراتیکەکانیش بەرهەمێکی بزووتنەوەی چاکسازیی پرۆتستانتیزمن. بنەمای دیموکراتیک ئەوەیە داوا لە هیچ بوونەوەرێکی عاقڵ ناکرێت ملکەچی یاسایەک ببێت، کە عەقڵی ئەو یاسایە قبووڵ ناکات. یاسا دەبێت لەسەر عەقڵ دابمەزرێت، لەسەر ئەو شتە دابمەزرێت کەلە مرۆڤدا گشتییە. من وەک تاکێک، وەک خودێک هیچ مافێکم نییە، بەڵام وەک بوونەوەرێکی عاقڵ، وەک بوونەوەرێکی بە ئەگەر گشتی، وەک ئەندامێکی کۆمەڵگەی عەقڵ مافم هەیە و ئەتوانم بانگەشەی ئەوە بکەم، یاسا بۆ خۆم و ئەوانی تریش دابنێم، بەڵام ئەگەر کەللەڕەقییە مەزاجییەکەی تاک و حەز و خەیاڵەکانی لەناو یاسادا قوتبکرێنەوە، ئەو کاتە دیموکراسی دەگۆڕێت بۆ ئانارشیزم و بەڵشەفیزم.

هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر پێمانوابێت دۆکترینی سۆفیستەکان کۆمەڵێک ئایدیای بەسەر چوو و مردوو و دۆگمان و تەنیا بۆ مێژوونووسەکان گرنگن و هیچ گرنگییەکیان بۆ ئێمە نییە. بە پێچەوانەوە، بیری مۆدێرنی جەماوەری پەیوەستە بە بیر و ئاراسنەی سۆفیستەکانەوە. زۆر جار دەوترێت دەبێت مرۆڤ قەناعەتی بەهێزی هەبێت. هەندێک لەمە زیاتر دەڕۆن و دەڵێن گرنگ نییە مرۆڤ باوەڕی بە چییە، گرنگ ئەوەیە ئەوەی کە باوەڕی پێیەتی، باوەڕێکی بەهێزی پێی بێت. بەدڵنیاییەوە ئەو مرۆڤانەی کە قەناعەتێکی بەهێزیان هەیە، گرنگترن لەوانەی هیچ بۆچوونێکیان نییە. لانیکەم ئەوەی یەکەمیان هێزێکە لە جیهاندا، بەڵام ئەوەی دووەمیان هیچ رەنگێکی نییە و بێ کاریگەرییە، بەڵام پێداگری کردن لەسەر قەناعەت بەتەنیا، هەڵەیە. دوایەمین تاقیکردنەوە بۆ ئەو شتەی کە بەهای هەیە، دەبێت بە پلەی یەکەم لەسەر ئەوە بێت ئایا قەناعەتەکانی مرۆڤ راستن یان هەڵە؟ دەبێت پێوەرێکی بابەتی هەبێت بۆ حەقیقەت. لەبیرکردنی ئەم پێوەرە و تەنیا قسەکردن لەسەر هەبوونی بۆچوونی بەهێز دووبارە کردنەوەی هەمان هەڵەی سۆفیستەکانە.

قسەیەکی باوی دیکە هەیە دەڵێت هەر تاکێک مافی ئەوەی هەیە بۆچوونی تایبەتیی خۆی هەبێت. ئەمە راستە و تەعبیر لەوە دەکات، بکەر مافی ئەوەی هەیە عەقڵی خۆی بەکار بهێنێت، بەڵام هەندێک جار ئەم قسەیە بە جۆرێکی تر تەفسیر دەکرێت. ئەگەر مرۆڤێک بۆچوونێکی تەواو ناعەقڵانیی هەبوو، ئەگەر هەموو چەکەکانی دەستی داماڵرا و لە هەر شوێنێک کە دەوەستێ، دەرب کرێت، ئەتانەت هیچی بەدەستەوە نەمێنێتەوە، تەنیا ئەوە نەبێت دان بەوەدا بنێت هەڵەیە، ئەم مرۆڤە پەنا دەباتە بەرئەوەی مافی ئەوەی هەیە بۆچوونی خۆی هەبێت، بەڵام نابێت رێگە بەم داوایە بدەین، هیچکەس مافی ئەوەی نییە بۆچوونی هەڵەی هەبێت، تۆ مافی ئەوەت نییە بۆچوونت هەبێت، ئەگەر بنەمای ئەو بۆچوونە عەقڵ نەبێت. تۆ ناتوانیت بەناوی سەرنجە خودییەکانت و حەزە ناعەقڵانییەکانتەوە بانگەشەی ئەم مافە بکەیت. ئەگەر وات کرد، ئەوا وەک سۆفیستەکان هەڵە دەکەیت.

ئاراستەکانی چەشنە لاوازترەکەی عەقڵانیەتی مۆدێرن، بیرکردنەوەیەکی هاوشێوەی بیرکردنەوەی سۆفیستانە پیشاندەدات. بۆ نموونە ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت ئایدیا ئەخلاقییەکان بەپێی جیاوازیی وڵاتو سەردەمەکان جیاوازن. بۆ نموونە لە ژاپۆن لەشفرۆشی رێگە پێدراوە و لە میسری کۆن سێکسکردن لەگەڵ خزم و کەسانی ناو خێزان رێگە پێدراو بووە. گرنگە ئەم فاکتانە بزانین. دەبێت ئەم ئایدیایانە وەک زەنگێکی هۆشیارکەرەوە وابن دژ بە عەقڵیەتی بەرتەسک و مێگەل لە بواری مەسەلە ئەخلاقییەکاندا، بەڵام هەندێک کەس لەم فاکتانەوە ئەنجامگیریی ئەوە دەکەن، یاسایەکی ئەخلاقیی گشتگیری راست و بابەتی بوونی نییە. ئەنجامەکە لە پێشەکییە لۆجکییەکانەوە سەرچاوە ناگرێت، هەر لەبەرئەوەش ئەنجامێکی هەڵەیە. بۆچوونی خەڵک نەتەنیا سەبارەت بە مەسەلە ئەخلاقییەکان جیاوازە، بەڵکو سەبارەت بە هەر بابەتێک لەم سەرزەوییەدا جیاوازە. ئەگەر خەڵک چەند سەد ساڵێک

پێش ئێستا باوەڕیان وابووبێت زەوی رووتەختە، لە کاتێکدا ئێستا ئێمە پێمانوایە زەویی گۆییە، ئەوا دەرەنجامەکە ئەوە نییە کە زەوی شێوەی نییە و حەقیقەتێکی رەها لەم رووەوە نییە. ئەگەر بیر و بۆچوونی خەڵک لە سەردەمە جیاوازەکان و وڵاتە جیاوازەکاندا سەبارەت بە هەوێنی یاسای ئەخلاقی جیاواز بێت، مانای ئەوە نییە یاسایەکی ئەخلاقیی بابەتی بوونی نییە.

سەبارەت بەو گفتوگۆیەی دەربارەی گرنگیی گەشەدان بە مرۆڤ دەیکەین، دوایەمین نموونە وەردەگرین. دەوترێت مرۆڤ پێویستە «خۆی بێت»و تەعبیر کردن لە تاکایەتیی خۆی ئایدیا بنچینەییەکەی بێت، بێگومان شتێکی باشە مرۆڤ خۆی بێت، بەو مانایەی وا خۆی نەنوێنێت کە کەسێکی ترە. زیاد لەوەش، گومانی تێدا نییە هەموو مرۆڤێک بەهرەی دیاریکراوی خۆی هەیەو دەبێت پەرە بەو بەهرەیە بدات، بۆئەوەی هەر یەکێک (بە شێوازی تایبەتی خۆی) بتوانێت بەپێی توانا بەشداری لە سامانی رۆحی و مادیی جیهاندا بکات، بەڵام زۆر جار ئەم ئایدیایەی تاکگەرایی دەبێتە هۆی گەشەکردنی هەڵە، هەروەک لە بواری هونەر و پەروەردەدا بینیمان. ئەدیبێکی وەک ئۆسکار وایڵد، کە کەسێتییەکی شەڕەنگیزی هەیە، بەرگری لە بنەما هونەرییەکانی خۆی دەکات، لەسەر ئەو بنەمایەی، کە پێویستی بەوەیە گوزارشت لە کەسێتییەکەی خۆی بکات. هونەریش هیچ نییە، جگە لەم گوزارشتە کەسیە و ملکەچی هیچ پێوەرێک نابێت، جگەلە تاکایەتیی هونەرمەند. هەندێک لەو نووسەرانەی لە بواری پەروەردەدا دەنووسن، کە شانۆنامەنووسی ئێرلەندی یەکێکە لەم نووسەرانە، هاوشێوەی سۆفیستەکانن و دەڵێن هەوڵدان بۆ گۆڕینی کەسێتیی منداڵ لە رێگەی سیستەمەوە هەڵەیەکە دەرهەق بە کەسێتیی منداڵ. دەبێت بەبێ هیچ بەرهەڵستێک رێگە بە منداڵ بدرێت، خۆی پەرە بە کەسێتیی خۆی بدات، بەڵام دەبێت رووبەڕووی ئەم بۆچوونە بوەستینەوە، چونکە سەیرکردنی خۆ پەروەردە کردنی کەسێتی وەک ئامانجێک، لەپێناوی خۆیدا و پێداگری کردن لەسەر ئەم پەروەردەیە هەڵەیە. پەروەردەی تاکەکەسی خۆی لە خۆیدا باش نییە، باش نییە ئەگەر تاکگەرایی تاکگەراییەکی بێبەها بێت. ئەگەر منداڵ مەیلی وەحشیانە یان خۆپەرستانەی پیشان دا، ئەوکاتە دەبێت منداڵەکە ملکەچی سیستەم بکرێت. زۆر بێمانایە تا ئەو رادەیە کەسێتیی منداڵ بکەین بە بت و رێگای بدەین بەو جۆرە پەرە بە کەسێتییەکەی بدات، کە خۆی دەیەوێت. بە هەمان شێوە، زۆر جار ئایدیاڵی تاکگەرایی وا تەفسیر دەکرێت، مانای ئەوە بدات کە پەروەردە کردنی ویستە خودسەنتەری و شازەکانی تاک شتێکی باشە، بەڵام ئەوەی کە هیچ بەهایەکی نییە، تایبەتمەندییە کەسێتییەکانی مرۆڤە. ئەوەی کە شایەنی ئەوەیە بە مافی پیرۆزی (کەس)ی دابنێین، سروشتە عەقڵانی و گشتگیرەکەیەتی.

**پەراوێزەکان**

– ئیتیمۆلۆجی (etymology): لێکۆڵینەوە لە بنەچە و مێژوو و گۆڕانەکانی مانای وشە.

– سەفسەتە (sophistry): بەکار هێنانی ئارگۆمێنتەکان بە شێوەیەکی فریودەرانە.

– لە دەقە ئینگلیزییەکەدا نووسراوە (epigrams). ئیپیگرام رستەیەکی کورتە، کە بیرۆکەیەک بە شێوەیەکی زیرەکانە یان گاڵەجاڕانە دەردەبڕێت.

– مەبەستی نووسەر لە بێباوەڕی (disbelief) بێباوەڕیی ئایینی نییە، بەڵکوو باوەڕ نەمانە بە هیچ شتێک.

– مرۆڤسەنتەری (anthropocentric) دانانی مرۆڤ وەک گرنگترین و ناوەندیترین رەگەزی بوون و بەتایبەتیش لە بەرامبەر خودا یان ئاژەڵدا.

**سەرچاوە:**

تاریخ الفلسفه الیونانیه، تالیف، وولتر ستیس، ترجمه: مجاهد عبدالمنعم مجاهد، دارالثقافه للنشر والتوزیع، قاهره، الطبعه الاولی، 1984، ص 97–112.